# Geographical distribution of border crossings in Sulaimani province and its impact on revenue increase

Saman Rahman Fattah[1], Ahmed Rafiq Karim[2]
[1] University of Sulaimani -College Science of Human
[2] College Education Science of Human

*DOI: https://doi.org/10.31918/twejer.2473.15*
*Published: 23/12/2024*

## *Abstract*

*This research discusses the geographical distribution of the border gates in Sulaimani Governorate, and their impact on revenue generation. The border gates are considered the most important points or border gates between two countries or two states and regions. Due to the influence of geographical principles and geopolitical changes. It has become a link between the economic, trade and tourism relations between the two sides of the common border. These crossings have a political and economic impact and support the national income. The aim of the research is to determine the importance of border crossings in terms of economic activities and revenue generation for Sulaimani province and the Kurdistan Region, based on methods (analysis, description and comparison).*

***Keywords:*** *Border Crossing - Sulaimani Province*

# دەروازە سنوورییەکانی پارێزگای سلێمانی و کاریگەرییان لەسەر زیادبوونی داهات

سامان رحمن فتاح
خوێندکاری ماستەر
زانکۆی سلێمانی- کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ بەشی جوگرافیا
Samanrahman632@gmail.com
پ.ی.د.احمد رفیق کریم
زانکۆی سلێمانی - کۆلێجی پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ بەشی جوگرافیا
ahmed.karim@univsul.edu.iq

پوختە:
ئەم توێژینەوەیە باسکردنە لە دابەشبوونی جوگرافی دەروازە سنوورییەکانی پارێزگای سلێمانی، کاریگەری لەسەر دابینکردنی داهات، دەروازە سنوورییەکان گرنگترین خاڵ یان دەرچەی سنوورییە لە نێوان دوو دەوڵەت یان دەوڵەت و هەرێمێکدا بە هۆی کاریگەری بنەما جوگرافییە نەگۆڕەکان و ڕوداو گۆڕانکارییە جیۆپۆلەتیکییە گۆڕاوەکاندا بووە بە هۆی خاڵی گرێدانی پەیوەندی ئابوری و بازرگانی و گەشتوگوزاری لە نێوان هەردوو سنوری هاوبەشدا، ئەم دەروازە سنوورییانە هەژموون و کاریگەری سیاسی و ئابوری هەیە و پاڵپشتی داهاتی نەتەوەی دەکات. ئامانجی توێژینەوەکە گرنگی دەروازە سنوورییەکان لە سەر ئاستی چالاکییە ئابورییەکان و دەستەبەرکردنی داهات بۆ پارێزگای سلێمانی و هەرێمی کوردستان، پشت بەمیتۆدەکانی ( شیکاری و وەسفی و بەراوردکاری ) بەستراوە، داتا و زانیارییەکانیش لە ڕێگای بەڕێوەبەرایەتی دەروازە سنوورییەکان و کاری مەیدانی و چاوپێکەوتنەوە بەدەستهاتوون.

کلیلی وشەکان: دەوازە سنورییەکان – پارێزگای سلێمانی – داهات

پێشەکی:

دوای دروستبوونی سنورەکان لە نێوان وڵاتاندا و شێوەیەکی یاسایی وەرگرت، بۆ ئاڵوگۆڕی شمەک و کاڵا لە نێوانیاندا پێویستی بە ڕێڕەو و دەروازە هەبوو تا لە ڕێگەیەوە پەیوەندی بازرگانی و ئابوری لە نێوانیاندا هەبێت بە تایبەت لە نێوان دەوڵەتە هاوسێکاندا.

هەرێمی کوردستان بە گوێرەی شوێنە جوگرافیەکەی وەک بەشێک لە عێراق کە هاوسنورە لەگەڵ ٣ دەوڵەتدا، پارێزگای سلێمانیش وەک بەشێک لە هەرێمی کوردستان درێژترین سنور و زۆرترین دەروازەی سنوری لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران هەیە، ئەمەش وایکردووە پەیوەندی ئابوری و بازرگانی لە نێوانیاندا دروستببێت و ساڵانەش لەگەشەکردندا بێت.

کێشەی توێژینەوەکە:

ئایا شوێنی جوگرافی پارێزگای سلێمانی بۆتە هۆی دروستبوونی دەروازەی سنوری لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران؟

ئایا دەروازە سنورییەکانی پارێزگای سلێمانی بۆتە هۆی باشکردنی پەیوەندییە ئابوری و بازرگانییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و ئێران؟

ئایا دەروازە سنورییەکانی پارێزگای سلێمانی بۆتە هۆی زیادکردنی داهات و بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان؟

گریمانەی توێژینەوەکە:

١- بنەما جوگرافییەکان ڕۆڵیان هەبووە لە دروستبوونی دەروازە سنورییەکانی پارێزگای سلێمانی.

٢- دەروازە سنورییەکانی پارێزگای سلێمانی بۆتە هۆی دروستبوون و پتەوبوونی پەیوەندییە ئابوری و بازرگانییەکانی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران.

٣- ئاڵوگۆڕ و چالاکیە ئابورییەکانی پارێزگای سلێمانی بۆتە هۆی دابینکردنی بەشێک لە داهاتی ساڵانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

گرنگی توێژینەوەکە:

١-ناساندن و دابەشبوونی جوگرافی دەروازە سنوورییەکانی پارێزگای سلێمانی.

٢-دەرخستنی کاریگەری ئابوری لەسەر زیادبوونی داهات بۆ ناوچەی لێکۆڵینەوە و هەرێمی کوردستان.

٣-ئاشکراکردنی قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی و ئابوری لە نێون سنوورەکاندا.

میتۆدی توێژینەوەکە:

بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە و گەیشتن بە ئەنجامەکانی پشتمان بە میتۆدی وسفی و شیکاری بەستووە، لەبەرئەوەی ناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە و

دەروازە سنوورییەکان پێویستی بە لایەنی وەسفی هەیە، هەروەها بۆ ئەنجامە بەدەستهاتووەکان و داتا و زانیارییەکان پشت بە میتۆدی شیکاری بەستراوە .

ئامانجی توێژینەوەکە:

١- دەرخستنی ڕۆڵی دەروازە سنورییەکانی پارێزگای سلێمانی لە دروستبوونی پەیوەندییە بازرگانییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامی ئێران، ڕۆڵیان لە دابینکردنی بەشێک لە داهاتی ساڵانە.

٢- دەرخستنی ڕۆڵی بنەما جوگرافییە نەگۆڕەکان لە دروستبوون و دابەشبوونی دەروازە سنورییەکانی پارێزگای سلێمانی.

پلانی توێژینەوەکە:

بۆ وەڵامدانەوەی گریمانەکان و بەدیهێنانی ئەنجامەکان توێژینەوەکەمان دابەشکردوە بە سەر سێ تەوەردا، لە تەوەری یەکەمدا چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە خراوەتەڕوو.

تەوەری دووەم بریتییە لە دابەشبوونی جوگرافی دەروازە سنورییەکانی پارێزگای سلێمانی.

تەوەری سێیەم تایبەتە بە ڕۆڵ و کاریگەری دەروازە سنورییەکانی پارێزگای سلێمانی لە دروستبوونی پەیوەندی نێوان هەرێمی کورستان و کۆماری ئیسلامی ئێران، لەگەڵ دابینکردن بۆ هەرێمی کوردستان.

## تەوەری یەکەم

## چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە

یەکەم: دەروازەی سنوری: ( المنفذ الحدودي ) ( Border Port)

دەروازەی سنووری دەرگا و خاڵی چوونەژوورەوە و دەرچوونە لە نێوان دوو وڵاتی دراوسێ. ئەو خاڵەیە کە دەکەوێتە نێوان سنوری دوو دەوڵەتی دراوسێوە، ناوچە سنورییەکان هەمیشە لەڕووی جوگرافی و مێژووەوە ناوچەیەکی هەستیارن بۆ هەر وڵاتێک، گەشە و پەرەپێدانی ئەم ناوچە سنوریانە ڕەهەندێکی جیۆپۆلەتیکیان هەیە، ڕۆڵیان لە دابینکردن و بەدیهێنان و پەرەپێدانی ئابوری و سیاسی و کۆمەلایەتی هەیە، یەکێکن لە هۆکارەکانی سەقامگیری هەر هەرێم و ناوچەیەک (الیاسري، ٢٠١٦، ص ٨٣).

ناوچەی دەروازە سنورییەکان شوێنێکی گرنگی سیاسی و ستراتیژییە، دەروازە سنورییەکان وێستگەیەکی ترانزێتی نێوان دوو وڵاتە، کە تێیدا ڕێکارەکانی دەرچوون و گەڕانەوە بۆ ئەم یان ئەو وڵاتە تەواو دەکرێن. ئاستی ئەنجامدانی ئەم ڕێکارانە جیاوازە، ئەوەش بەندە بە چڕی ژمارەی چالاکییەکانەوە، کاریگەری لەسەر ئەمن و ئاسایشی دەوڵەت هەیە (الحیالي، 2020، ص٤).

کەواتە دەروازە سنوورییەکان گرنگترین خاڵ یان دەرچەی سنوورییە لە نێوان دوو دەوڵەت یان دەوڵەت و هەرێمێکدا، بووە بە هۆی خاڵی گرێدانی پەیوەندیی ئابوری و بازرگانی و گەشتوگوزاری لە نێوان هەردوو بەری سنوری هاوبەشدا، ئەم دەروازە سنوورییانە هەژموون و کاریگەری سیاسی وئابوری هەیە و پاڵپشتی داهاتی نەتەوەی دەکات.

ناوچە سنوورییەکان زۆربەی کات ناوچەی دەرکەری دانیشتووانن، لە سنورەکانەوە بە ئاراستەی ناوخۆ، بەڵام دروستبوونی دەروازە سنوورییەکان وەک ناوچەی گرنگی جووڵەی ئابوری و بازرگانی ئەم کۆچەی ڕاوەستاندووە و بووە بە هۆی گەشەی ئەو ناوچانەی کە دەروازەی سنوری تیادا دروستبووە، لە سەرەتادا ئەم خاڵانە بە ناوچەی بۆشایی یان کەلێن ناوبراون لە نێوان دوو دەوڵەتدا، کە دواتر ڕۆژ بە ڕۆژ گەشەی کردووە.

دەروازە سنوورییەکان بەپێی هەژموون و دەسەڵاتی بەڕێوەبردن و جۆرو شێوازی کارکردنەوە تیایدا دەکرێت بە چەند جۆرێکەوە.

١-دەروازە سنوریيە فەرمییە نێودەوڵەتییەکان.

ئەو دەروازانەن کە دانپێدانراون لە نێوان هەردوو دەوڵەتی هاوسێ و هاوبەشن تیایدا، دەسەڵات و هەژموونی یاسایی و کارگێریی هەر دەوڵەتێک بە نیسبەت دەوڵەتی بەرامبەرەوە تیایدا دیاریکراوەو لە لایەن دەستەیەکی تایبەتمەندەوە بەڕێوەدەبرێت (خزام،٢٠١٦،ص ١٤). بە پێی یاسایی ژمارە ٣٠ ساڵی ٢٠١٦ ی پەرلەمانی عێراق، دەروازە سنوریيە فەرمییەکان ئەو دەروازانەن کە لە دەستەی بەڕێوەبردنی دەروازە سنوورییەکان تۆمارکراون و لە ژێر چاودێری و هەژموونی ئەم دەستەیەدان (رئاسة الجمهورية، ٢٠١٦، ص١) لە ڕووی کاتی کارکردن و بەڕێوەبردنەوە، ئەم دەروازانە تەواوی جموجۆڵ و چالاکیە مرۆییەکان تیایدا تۆماردەکرێت و بە بەردەوامی دەروازەکان کراوەن.

٢- دەروازە سنوریيە نیمچە فەرمییەکان.

ئەو دەروازانەن کە هاوشان بە هۆی گونجاوی هەندێک لە بنەما جوگرافییەکان و بە هۆی فراوانبوونی داواکاری و پێداویستییەکانی دەوڵەتانی دراوسێوە، بڕیار لەوە دەدرێت، کە جموجۆڵی مرۆیی و چالاکی بازرگانی تیایدا، بە پێی پێداویستی و کات وشوێن ئەنجامبدرێت (البياتي، ٢٠١٦، ص١) ئەم دەروازانە پێچەوانەی دەروازە فەرمییەکان بە بەردەوامی کراوە نین و ڕۆژانی هەینی پشووە، هەروەها ڕۆژانە تاوەکو کاتژمێر یەکی نیوەڕۆ جموجۆڵەکان تیایدا ئەنجامدەدرێت، لەگەڵ ئەوەی قەبارەی ئاڵوگۆڕەکان بەراورد بە فەرمییەکان جیاوازن. بە هۆی کاریگەربوونی

ڕەهەنــدەکانی جوگرافیــای سیاســییەوە هەنــدێک جموجــۆڵی بازرگــانی تیایــدا ســنوردارە یاخود ئەنجامنادرێت.

دووەم : ناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە

پارێزگــای ســلێمانی دەکەوێــتە بــاکوری خــۆرهەڵاتی عێــراق و خــۆرهەڵاتی هەرێمــی کوردســتانەوە، لە خــۆرهەڵاتەوە دراوســێیە لەگەڵ کۆمــاری ئیســلامی ئێــران، لە بــاکوری خۆرئــاواوە پارێزگــای هەولێــر و لەلای خۆرئــاوا و باشــوری خۆرئــاواوە هەردوو پارێزگــای کەرکــوک و دیــالە دەورەیــان داوە(فــتح الــلە،2000، ص٤٣). شــوێنی ئەســترۆنۆمی پارێزگــای ســلێمانی دەکەوێــتە ٣٥.٢٤ – ٣٦.٣٠ لە نێــوان هەردوو هێڵــی درێــژی ٤٤.٣٦-٤٤.٢٥. نەخشــەی(١). پــلەی باشــوری مامناوەنــدی بــاکور، بەم پێــیە نــاوچەی لێکــۆڵینەوە ڕووبەرەکەی نــزیکەی (٢١.٧١کــم٢) یە. ســەرەڕای پارێزگــای ســلێمانی لە ( ١.١٦) بــازنەی پــانی درێژنــابێتەوە، بەڵام ئەم پــێگەیە بــۆتە هــۆی لەڕووی ئــاووهەوای ڕووەکــی و ئــاژەڵی تایبەتمەنــدی تــایبەت بەخــۆی هەبێــت، جیــاواز بێــت لە ناوچەکــانی ناوەڕاســت و باشــوری عێــراق، چــونکە زۆربەی ڕووبەری نــاوچەکە دەکەوێــتە نــاوچەی شــاخاوییەوە (الخفــاف و عبدالحســین، ١٩٧٨، ص٦). بەپێــی ئامارەکــانی ســاڵی (٢٠٢٠) ژمــارەی دانیشــتوانی ئەم پارێزگــایە (٢٤٨٦٤٨٦) کەس بــووە (حکومەتی هەرێمی کوردستان، ٢٠٢٢).

نەخشەی (١) ناوچەی لێکۆڵینەوە



سەرچاوە: کاری تویژەر پشتبەست بە: لەرێگای بەکارهێنانی پرۆگرامی ARC.GIS10.8 ، بە پشتبەستن بە حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، هۆبەی GIS

تەوەری دووەم : دابەشبوونی جوگرافی دەروازە سنوورییەکانی پارێزگای سلێمانی

کۆماری ئیسلامی ئێران بە گرنگییەوە لە پەیوەندییە ئابوری و بازرگانییەکانی لەگەل هەرێمی کوردستان دڕوانێت، خۆی بە دوور ناگرێت لە گرێدانی پەیوەندی لە رێگەی ئالوگۆری بازرگانی لە نێوان هەردولا، دەیەوێت لە رێگەی هەرێمی کوردستانەوە بگاتە بازارەکانی عێراق و ولاتانی کەنداو و بازاری ئەو ولاتانەش ببەستێتەوە بە ئاسیای ناوەندەوە. شوێن و پێگەی جیۆپۆلەتیکی هەرێمی کوردستان دەورێکی گرنگی لە گرێدانی پەیوەندی ئابوری نێوان هەرێمی کوردستان و ئێران هەیە لە لایەک و گرێدانی پەیوەندی لە نیوان عێراق و ئێران لەلایەکی ترەوە.

بۆ گرێدانی پەیوەندییەکانیان سوود لە دەروازە سنوورییەکانی نێوانیان دەبینرێت، بوونی سنوری هاوبەش لەنێوانیاندا یارمەتی دروستبوونی چەندین مەرزی هاتوچۆی داوە، کە بریتین لە دەروازە فەرمییەکانی (حاجی ئۆمەران لە پارێزگای هەولێر، باشماخ و سەیرانبەن لە پێنجوێن و پەروێزخان لە کەلار). جگە لەبوونی چەندان مەرزی لاوەکی تری وەک (شوشمێ لە هەورامان و کێلێ لە قەلادزە و پشتە لە ناحیەی بەمۆی سەر بە پارێزگای هەلەبجە)، ئەم دەروازە سنوورییانە رۆلێکی گەورەیان لە دروستبوونی پەیوەندی ئابوری و بازرگانی و کۆمەلایەتی هەیە لە نێوان هەردوولادا و خالێکی گەشەسەندووی ئابوری و سیاسی هەرێمی کودستان و دەستکەوتنی سەرچاوەی داهاتیتی.

سەبارەت بە ناوچەی لێکۆلینەوە لەکۆی ئەو دەروازانەی لە نێوان هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامی ئێراندایە، تەنیا دەروازەی (حاجی ئۆمەران) لەم سنورەدا نییە، بەلکو تەواوی دەروازەکانی تر لە سنوری پارێزگای سلێمانییە. لێرەدا تیشک دەخەینە سەر دەروازە سنوورییەکانی ناوچەی لێکۆلینەوەو دابەشبوونی جوگرافیان دەخەینەڕوو.

یەکەم: دەروازەی سنوری باشماخ

باشماخ گوندێکی شارستانی مەریوانە. دەروازەیەکی سنوورییە دەکەوێتە قەزای پێنجوین لە هەرێمی کوردستان بە دووری ١٠ کم لە سەنتەری ئەم قەزایەوەیە، هاوسنوری مەریوان لە کۆماری ئیسلامی ئێران، دووری ئەم سنورە لە شاری سلێمانی بە نزیکەی ٩٦کم دەخەملێنریت و لە شاری هەولێریشەوە بە نزیکی ٢٩٦ کم[٢]. لە ڕووی شوێنی ئەسترۆنۆمیەوە ئەم دەروازە دەکەوێتە سەر بازنەکانی پانی

(٣٥.٦١) هێڵــی درێــژی و (٤٦.٠١) ( دەروازەی ســـنوری باشـــماخ، بەشـــی ئەلیکترۆنـــی، ٢٠٢٢.) نەخشەی (٢)

مەرزی باشـــماخ مەرزێکـــی نێـــودەوڵەتییە لە نێـــوان حکـــومەتی هەرێمـــی کوردســـتان و حکـــومەتی ئێـــران بە دەروازەیەکـــی گرنگـــی ئـــابوری دادەنرێـــت، ڕۆڵێکـــی گرنگـــی لە بووژانـــدنەوەی ئـــابوری هەردوو وڵاتـــدا هەیە، ئەم دەروازە ســـنوورییە بە یەکـــێکە لە چالاکترین دەروازە سنورییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران دادەنرێت.

نەخشەی (٢) دەروازەی سنوری نێودوڵەتی باشماخ



سەرچاوە: کاری تویژەر پشتبەست بە: لە ڕێگای بەکارهێنانی پرۆگرامی ARC.GIS10.8 ، بە پشتبەستن بە حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، هۆبەی GIS

دووەم : دەروازەی سنوری پەرویزخان

دەروازەی پەرویزخان لە ڕووی کارگێڕییەوە سەر بە ناحیەی قورەتووی قەزای کەلاری سەر بە ئیدارەی گەرمیان لە پارێزگای سلێمانییە، شوێنی جوگرافی ئەم دەروازەیە دەکەوێتە سەر هێڵی پانی (٣٤.٥٥.٠٠) باکور وهێڵی درێژی (٤٥.٥٨.٣٠) ڕۆژهەلات. ئەم دەروازە پێگەیەکی ستراتیژی گرنگی هەیە و لەسەر هێڵی هاتووچۆی نێوان کەلار، خانەقین-قەسری شیرین، سەرپێلی زەهاوە) هاوسنورە لەگەڵ شارۆچکەی قەسری شیرین بە دووری (٣.٥) کم. نەخشەی (٣)

قەزای کەلار نزیکترین شاری هەرێمی کوردستان لەم دەروازە گرنگەوە، کاریگەرییەکی ئابوری و گەشەپێدانی تەواوی هەبووە لە سەر ئەم قەزایە. دووری ئەم سنورە لە شاری کەلارەوە ٤١کم وە لە شاری سلێمانی ١٧٩کم وە لە شاری هەولێر ٣١٢کم (محمدی و رۆسمی و علی رزا، ١٣٨٢، ٣١٤.) ڕاستەوخۆ پارێزگای سلێمانی لەگەڵ پارێزگای کرمانشانی کورد نشینی سەر بە کۆماری ئیسلامی ئێران گرێدەدات.

ئەم خالە سنورییە لە ساڵی ١٩٩٧ کراوەتەوە و بە خاڵێکی فەرمی نێوان هەرێمی کوردستان و ئیران دادەنرێت، بە چالاکترین خاڵی سنوری وشکانی ناوبراوە، کەوتۆتە ناوچەی بازرگانی قەسری شیرین، بۆیە ئەم سنورە جوگرافییە وای کردووە ببێتە ئاسۆیەکی ئابوری گرنگ و جموجوڵی بازرگانی تیدا بەردەوام بێت. جموجۆڵەکانی ئەم مەرزە بریتییە لە هاتووچۆی خەڵک و گەشتیاران، هەناردە و هاوردەی کاڵای جۆراوجۆری وەک ( میوە و بەروبوومەکانی، کاشی و سیرامیک، دۆشاوی تەماتە، شیرەمەنییەکان، بەرهەمەکانی پترۆکیمیایی) (ژووری بازرگانی و پیشەسازی و کانزاکان و کشتوکاڵیی کرماشان، ٢٠٢٢).

ئەگەر لەم ساڵانەی رابردوو بڕوانرێت، ژێرخانێکی پێویست بۆ ئەم دەروازە دروستکرا، کە بووە هۆکارێک بۆ زیاتر چالاکبوونی بازرگانی. جموجوڵی بازرگانی لەم خالە سنورە زۆر چالاکە، کە هەفتانە ٢٥٠٠ بۆ ٣٠٠٠ ئوتومبێلی بارهەڵگر هاتوچۆی پێدا دەکات و ١٦٠٠ کرێکار لە هەردوو بەری ئەم دەروازەدا کاردەکەن. لە مانگی حەوتی ساڵی ٢٠١٨ەوە هێڵی ترانزێت لە دەروازەی سنوریی پەرویزخان کراوەتەوە، زۆرترین ئەو کالا ترانزیتییە دەرەکییانەش گازۆیل، نەفتا و غازی شل بوون، کە کاریگەرییەکی باشی لە سەر بوژانەوەی ئابوری هەبووە. (WWW.RUDAW.NET.2023)

نەخشەی (٣) دەروازەی سنوری پەروێزخان




کاری توێژەر : پشتبەست بەحکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان و دەستەی ئامار، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاماری سلێمانی. ٢٠٢٢.

سێیەم: دەروازەی سنوری کێلێ

دەروازەی سنوری کێلێ لە شارۆچکەی قەڵادزێی سەر بەئیدارەی ڕاپەڕین، هەردوو ناوچەی سەردەشت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و قەڵادزێ لە باشوری کوردستان بەیەکەوە دەبەستێتەوە. شوێنی فەلەکی دەروازەکە دەکەوێتە سەر (٤٥.٤٦) هێڵی درێژی و (٣٥.٨٠) بازنەکانی پانی باکوری نیوە گۆی زەویە (دەروازەی سنوری کێلێ، هۆبەی ئەلیکترۆنی، ٢٠٢٢).

مەرزی کێلێ لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ وەک مەرزێکی نافەرمی هاتووچۆی بازرگانی و گەشتیاری لە نێوان هەرێم و وڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران تێدادەکرێت، لە سنوری ئیدارەی ڕاپەڕین تەنیا دەروازی سنوری کێلێ هەیە، کە دەروازەیەکی

نـیمچە فەرمیـیە و ڕێگـا دەدرێـت بە ئۆتـۆمبێلە بارهەڵگرەکـان هـاتووچۆی تێـدا بـکەن، نەخشەی (٤)

نەخشەی (٤) دەروازەی سنوری کێلی




کـاری تـوێژەر: پشتبەسـت بە حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان، وەزارەتـی پلانـدانان و دەستەی ئامار، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاماری سلێمانی. ٢٠٢٢.

شـوێنی ئەسـترۆنۆمی ئەم مەرزە لە سـەر بـازنەی پـانی (٣٥.١٩.٩٤) پـلە بـاکوری گـۆی زەوی و هێڵەکـــــانی درێـــــژی (٤٦.١٨.٦١) ڕۆژهەڵات، ئەم دەروازەیە لە نـــــاوچە شاخاوییەکانی پارێزگای سلێمانی هەڵکەوتووە.

ئەم دەروازەیە دەروازەیەکـی نـیمچە فەرمیـیە و هەوڵـی بە فەرمـی کردنـی دەدرێـت، بـۆ ناسـاندنی دەروازەکە پەلەمـانی عێـراق بە نوسـراوی فەرمـی داوای لە حکـومەتی

عێراقکــــــــــــردووە کە دەروازەی شوشـــــــــمێ بە نێـــــــــودەوڵەتی بناســـــــــێنرێت (WWW.PUKMEDIA.NET2023 )نەخشەی (٥)

نەخشەی (٥) دەروازە سنوری شوشمێ




کــاری تــوێژەر: پشتبەســت بە حکــومەتی هەرێمــی کوردســتان، وەزارەتــی پلانــدانان و دەستەی ئامار، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاماری سلێمانی، ٢٠٢٢.

چوارەم: دەروازەی سنوری سەیرانبەن

دەروازەی ســـەیرانبەن رووبەرەکەی ٤٤ دۆنـــمە، دەکەوێـــتە بـــاکوری ســـنوری قەزای پێنجـــوێن و ٤٥ کیلـــۆمەتر لە ناوەنـــدی قەزاکەوە دوورە، نـــزیکەی ١٦٧ کـــم لە ســـەنتەری قەزای ســـلێمانیەوە دوورە. نزیکتـــرین شـــار لێـــیەوە نـــاحیەی گەرمـــکە لە قەزای پێنجـــوێن، لە ســـنوری ئێـــرانەوە دەکەوێـــتە رۆژئـــاوای شـــاری بـــانە لە پارێزگـــای ســـنە لە کۆمـــاری ئیســـلامی ئێـــران، لە دوای دەروازەی باشـــماخ دەبێـــتە دووەم مەرز لە ســـنورەکەدا، بڕیاریشـــە حکـــومەتی عێـــراق لێـــژنەیەک بـــۆ چـــاودێریکردنی کارەکـــانی ئەو دەروازە ســـنورییە پێکبهێنێـــت، هەرچەنـــدە لە ئیســـتادا ئەم دەروازەیە نـــیمچە فەرمیـــیەو کـــارکردن تیایدا ڕۆژانە تاکو کاتژمێر ١ و ڕۆژانی هەینیش داخراوە.

ئەم دەروازەیە لە ساڵی ٢٠٠١ وەک دەروازەیەکی نافەرمی کراوەتەوە و ئالوگۆڕی بازرگانی تێدا ئەنجامدەدرێت، لە لایەن هەردوو لاوە هەوڵ بۆ بە فەرمی کردنی ئەم دەروازەیە دەدرێت، چونکە هەرێمی کوردستان بە ناوچەی بانەوە دەبەستێتەوە، لە ڕووی شوێنی جوگرافییەوە دەکەوێتە سەر هێڵی پانی (٣٥.٨٤.٠١) باکوری گۆی زەوی و هێڵی درێژی (٤٥.٩٥.٦٠) ڕۆژهەڵات، نەخشەی (٥)

ئەم دەروازەیە دەروازەیەکی دێرین و کاریگەرە لە نێوان هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ ئالوگۆڕی بازرگانی و کەلوپەل و پێداویستی ڕۆژانەی هاولاتیان، دەبێتە بازاڕێکی بەرفراوان لەڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نێوان شاری سلێمانیو شاری سنەدا. ئالوگۆڕێکی بازرگانی گەورەی تێدا بەڕێوەدەچێت. دەروازەی سەیرانبەن جگە لەوەی کاریگەری گەشەی ئابوریو بازرگانی بۆ رۆژهەلاتی کوردستان هەیە، هاوکات بۆ هەرێمی کوردستان کاریگەری بەهێزتری دەبێت، بە تایبەتی بۆ سنووری پارێزگای سلێمانی جگە لە بازرگانانو گەشتیاران بە سەدان خەڵکی بێکاری سنوری قەزای پێنجوێن سودمەند دەبن. لەگەڵ ئەوەشدا ئۆتۆمبێلە بارهەڵگرەکان دەکەونەگەڕ بۆ گواستنەوەی کالاو شمەکی هاوردەو هەناردە بە پێچەوانەشەوە لە دیوی رۆژهەلاتی کوردستان لەسنوری شاری بانەو سەقزو گوندەکانی دەوروبەریان سودمەند دەبن.

پێنجەم: شێخ صالح – پشتە

ئەم دەروازە سنورییە دەروازەیەکی نافەرمییە لە ڕووی کارگێڕییەوە سەر بە ناحیەی گڵێجاڕ(بەمۆ)ی سەر بە قەزای ناوەندی هەڵەبجەی شەهیدە. شوێنی ئەسترۆنۆمی ئەم دەروازە لەسەر بازنەی پانی (٣٤.٩٨.٠٣) گۆی زەوییە و لەسەر هێڵی درێژی (٤٥.٨٤.٨٥) ڕۆژهەڵاتە، نزیکترین شاری هەرێمی کوردستان لەم دەروازەیەوە قەزای دەربەندیخانە بە دووری (٣٩) کم، هەروەها بە دووری (١٠٤کم ) لە سەنتەری شاری سلێمانییەوەیە. بڕوانە نەخشەی(٦)

دەروازەی پشتە لە ٥ / ١٢ / ٢٠١٨ کرایەوە، لەم دەروازەیە ڕۆژانە نزیکەی ٣٠٠ ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر کاری ئالوگۆڕی بازرگانی تیادا دەکەن (مەودا میدیا، ٢٠٢٠/١٢/٣٠). هەرچەندە ئەم دەروازەیە بە هۆی هەڵکەوتەی شوێنەکەی و گرفتی ڕێگاوبانەوە گرنگییەکەی هاوشانی دەروازەکانی تری ناوچەی لێکۆڵینەوە نییە.

## تەوەری سێیەم: ڕۆڵی دەروازە سنورییەکانی پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە لە سەر زیادکردنی جموجۆڵی بازرگانی و داهاتی ئابوری حکومەتی هەرێمی کوردستان

یەکەم: پەیوەندییە بازرگانییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامی ئێران

جوگرافیای سیاسی گرنگی بە هەموو ئەو بوارانە دەدا، کە کاریگەرییان لە سەر هێزی وڵات هەیە، بنەما ئابوورییەکانیش خاڵێکی بەهێزی دەرخەری هێزی وڵاتن، چونکە پەیوەندییەکی توندو تۆڵ لە نێوان هێزی سیاسی دەوڵەت و ئابوورییەکەیدا هەیە (الزوکة، ٢٠٠٠، ص ٢٠). لە ئیستادا وڵاتان بۆ بەهێزبوونیان لە ئاستی ناوخۆو دەرەوەدا، گرنگی بە پەیوەندییە ئابوورییەکان دەدەن، کە شوێن و ڕووداوو گۆرانکارییە سیاسییەکان کاریگەری لە سەر ئاست و جۆری پەیوەندییە بازرگانی و ئابوورییەکان هەیە. لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، پەیوەندییە ئابوری و بازرگانییەکان تەنیا گرنگی بە سیاسەتی ئابوری و بازرگانی ئازاد نادەن، بەڵکو بەشێکی تری ئاراستەکەی بریتییە لە پاراستنی ئەو پەیوەندییە ئابوری و بازرگانییانە (رسول، النقل والتجارە الدولیە، ١٩٨٠، ص ١٤٣) لەم ڕوانگەوە هەرێمی کوردستان گرنگییەکی زۆری بە دروستکردنی پەیوەندییە ئابوری و بازرگانییەکانی داوە، ئەویش بە ئامانجی بەدەستهێنانی بازارێکی ئازاد و پارێزگاریکردن لە مانەوەو بەرەوپێشچوونی قەوارەی هەرێمی کوردستان، بەتایبەت کە پەیوەندییە ئابوورییەکان زاڵترن بە سەر بیروباوەرە سیاسییەکاندا. بەمەش بە هۆی هۆکاری جوگرافی لە سنور و شوێنی جوگرافی هۆکارێکی گرنگ بوون لە ئاراستەی سیاسەتی ئابوری بازرگانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران.

ئێران بە گرنگیەوە لە پەیوەندییە ئابوری و بازرگانییەکانی دەڕوانێت لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا، خۆی بە دوور ناگرێت لە گرێدانی پەیوەندی لە ڕێگەی ئاڵوگۆری بازرگانی لە نێوان هەردو لادا ئێران پێش ڕووخانی ڕژێمی سەدام حسین نزیکەی لە ٧٠٪ قەبارەی پەیوەندییە بازرگانییەکانی لەڕێگەی هەرێمی کوردستانەوە بووە.

ڕووداو و قەیرانە سیاسییەکان وەک گەمارۆی ئابوری بە سەر عێراق و ئێراندا لە ساڵی نەوەدەکان ڕۆڵی گەورەی هەبوو لە دروستبوونی پەیوەندی ئابوری و ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە نێوانیاندا، بۆ ڕزگاربوون لەو قەتیسبوونە ئابوورییەو پەیداکردنی پێداویستییەکانی ڕۆژانەیان. کوردەکان لە ئێرانەوە شتومەک و کەلوپەلیان دەهێنا، لە هەرێمی کوردستانەوە ئاسن و پاشماوەی کەلوپەلە ئاسنیەکان هەناردەی ئێران دەکرا (جەوهەر، ٢٠١٧، ل١٩) قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە نێوان ساڵی ١٩٩٩-٢٠٠٠ نزیکەی ١٠٠ ملیۆن دۆلار بووە، بەڵام لە ساڵی ٢٠١٤ بووە بە (٤) ملیار دۆلار. کۆماری ئیسلامی ئێران دوای دەوڵەتی تورکیا دووەم کاراکتەری ئابوری و بازرگانییە لە هەرێمی کوردستان (Ali, 2017, p58) بۆ گرێدانی پەیوەندییەکانیان سوود لە دەروازە سنورییەکانی نێوانیان دەبینرێت، خشتەی(١).

کۆماری ئیسلامی ئێران دەیەوێت بە باشبوونی پەیوەندییە ئابوورییەکانی پەیوەندییە سیاسییەکانی توندوتۆڵتر بکات، لە ململانێ هەرێمییەکانی ناوچەکەدا نفوز و بوونی خۆی درێژە پێبدات. بۆ ئەم مەبەستە لە ساڵی ٢٠١٣ یەکەمین ڕێکەوتننامەی ڕەسمی

گرێدراوی ئابوری و بازرگانی لە نێوان هەرێمی کوردستان و ئێران لە تاران واژۆکرا، بە ئامانجی پەرەپێدان و گەشەکردنی پەیوەندی ئابوری لە نێوانیاندا (دەباغ، ٢٠١٣، ل٣٤) لەو کاتەوە ڕۆژ بەڕۆژ پەیوەندییە ئابورییەکانیان لە گەشەکردندایە. بەو پێیەی نزیکەی لە ٢٥٪ کۆی هاوردەی هەرێمی کوردستان لە وڵاتی ئێرانەوەیە بە جۆرێک لە ٦٧٪ هاوردەی ئۆتۆمبێل و لە ٥٠٪ شیرەمەنی و لە ٦٥٪ سەوزەو میوە. تاران لە ئیستادا پەیوەندی و کاریگەرییە ئابورییەکانی لە هەرێمی کوردستان زیاتر بووە و لە دوای تورکیا بە دووەمین هێزی کاریگەری ئابوری دادەنرێت لە سەر هەرێمی کوردستان. بە پێی داتاکان ساڵی٢٠١٨ ژمارەی کۆمپانیا ئێرانییەکان لە هەرێمی کوردستاندا نزیکەی ٣٦٥ کۆمپانیا و ١٣٥ کارگەی گەورە بووە، کۆماری ئیسلامی ئێران ساڵانە لەڕێگەی کردنەوەی پێشانگای نێودەوڵەتییەوە لە شارەکانی هەرێمی کوردستان خوازیاری ناساندنی بەروبومەکانی وڵاتەکەیەتی بە دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بە ئامانجی دروستکردنی پەیوەندی ئابوری وبازرگانی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا (ژوری بازرگانی و پیشەسازی هەولێر http://erbilchamber.org// l بەرواری ٢٠١٨/٥/١٠ ) ئەمەش ببوو بەهۆی زیادبوونی ساڵانەی قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەنێوانیاندا. شێوەی(١).

خشتەی (١)

قەبارەی ئاڵوگۆری بازرگانی نێوان هەرێمی کوردستان و ئیران بە (ملیار دۆلار)

| ساڵ | ١٩٩٩ | ٢٠٠٣ | ٢٠14 | ٢٠١٦ | ٢٠١٨ | ٢٠٢٠ | ٢٠٢١ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ق. داهات | ٠.١ | ١.٢ | ٤ | ٦.١ | ٨ | ٨.١ | ١٠ |

سەرچاوە:

١-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، ڕاپۆرتی ئاڵوگۆڕی بازرگانی هاوردە بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان، بەشی ئامار و بازرگانی، ٢٠١٨، ل٧.

٢ حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەستەی وەبەرهێنان، فەرمانگەی لێکۆڵینەوە و زانیاری، ٢٠٢٢ ئاماری بڵاونەکراوە. ٢٠٢١

٣-زمناکۆ عثمان صالح، پەیوەندییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانی هەرێمی کوردستان، لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای سیاسی، نامەی ماستەر( بڵاونەکراوە)، کۆلێجی زانستە مرۆڤاتییەکان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٢٣، ل ١٠٣.

شێوەی (١)

قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان هەرێمی کوردستان و ئێران بە (ملیار دۆلار )




سەرچاوە :کاری توێژەر پشتبەست بە خشتەی (١)

دووەم : ڕۆڵی دەروازە سنوورییەکان لە دابینکردنی داهات

دەروازە سنوورییەکان یەکێک لە گرنگترین سەرچاوەکانی بودجەی بنەڕەتی پێکدەهێنن کە پاڵپشتی گەنجینەی دەوڵەت دەکات، کە دواجار سروشت و ناوەڕۆکی بودجەی ساڵانە دیاری دەکات. ئەگەر حکومەت بتوانێت خێرایی ئەو ئاسانکارییە گرنگانە کۆنترۆڵ بکات و لەو مەترسیانە ڕزگاریان بکات، کە مەترسی لە سەر ئابووریی نیشتمانی و ئاسایشی کۆمەڵگە دروستدەکات.

دەروازە سنوورییەکانی پارێزگای سلێمانی بە دەروازەیەکی گرنگی ئابوری دادەنرێن و ڕۆڵێکی گرنگیان لە دابینکردنی بوژاندنەوەی ئابوری داهات هەیە. بۆ نموونە داهاتی دەروازەی باشماخ لەماوەی ساڵی ٢٠١٧ ( ١٥٩ )هەزارو(99٦) بارهەڵگر لێوەی هاتوچۆیان کردوە، کە لەو ژمارەیە ٣٧ هەزار بارهەڵگریان کاڵایان هەناردەکردووەو ١٠ هەزاریشیان کاڵایان هاوردە کردووەو ٧ هەزارو ٥٠٠ بارهەڵگری تریش باری ترانزێتیان پێبووە. هەروەها داهاتی ئەم مەرزە لە ساڵی ٢٠١٧ دا نزیکەی٢٣٧ ملیار دینار بووە، لە ساڵی ٢٠١٨ نزیکەی ٢١٧ ملیار دینار بووە، ڕۆژانە ٦٠٠ بارهەڵگر لە ئێرانەوە دەپەڕنەوە بۆ عێراق، بە تێکڕای ڕۆژانەی ٢٠٠ بارهەڵگر لە عێراقەوە دەپەڕنەوە بۆ ئێران، هێڵی جیا بۆ بارهەڵگر و ئۆتۆمبێل هەیە، نزیکەی( ٢٠-٢٥ )ئۆتۆمبێل لە ڕۆژێکدا سنوور دەبڕن. ئەمەش لە ئێرانەوە لە کاتی فیستیڤاڵی نەورۆزدا زیاددەکرێت، پەڕینەوەکە دوو شوێنی وەستانی بارهەڵگرەکانی هەیە، یەکێکیان بۆ ناخۆراکی کە ٥٠٠ جێگای هەیە و ئەوی تریان بۆ کەلوپەلی خۆراک. پردی کێشکردن لە دەروازەی چوونە ژوورەوەی هەر شوێنێکی وەستانی ئۆتۆمبێلدا هەیە. تەنیا ئەو کەلوپەلانەی لە ئێران کڕدراون، پێویستە بارهەڵگرەکان لە سنوورەکاندا بپەڕنەوە. (ئەمە دەزگا/بابەتەکانی مرۆیی ناگرێتەوە.) ئەو بارهەڵگرانەی کە لە ڕێگەی ئێرانەوە بۆ عێراق دەڕۆن، پێویست ناکات بارببڕن. کاتی پەڕینەوە بۆ

ئەو بارهەڵگرانەی شتومەکی ناخۆراکی هەڵدەگرن نزیکەی ٣ کاتژمێر ترانزێتە. بۆ ئەو بارهەڵگرانەی کە خۆراک هەڵدەگرن، کاتەکانی پەڕینەوە ٢٤-٧٢ کاتژمێرە. خواردنی وشک نزیکەی ٢٤ کاتژمێرە. دەرمانەکان نزیکەی ٢-٣ کاتژمێرە.

هەروەها دەروازەی نیمچە فەرمی کێلێ دەروازەیەکی گرنگە، چونکە ئەم دەروازەیە نزیکە لە سەنتەری پارێزگای هەولێر و پارێزگای سلێمانی. ڕۆژانە جموجوڵی بازرگانی تێدا بە دیدەکرێت. لەم سنووورەدا نزیکی ١٠٠ بۆ ١٥٠ بارهەڵگری کالا لە ئێرانەوە هاوردە دەکرێت، کە کاریگەرییەکی باشی بە گشتی لە سەر ئابوری کوردستان و لە سەر ئیدارەی ڕاپەڕین بە تایبەت هەیە. بەڵام کێشەی سەرەکی ئەم مەرزە ئەوەیە کە حکومەت بە فەرمی نەیکردۆتە مەرزێکی نێودەوڵەتی، بێگومان چالاکی ئابوری و بازرگانی تێیدا بەرز دەبێتەوە. - لە ساڵی ٢٠١٩ دا داهاتی مەرزی کێلێ مانگانە ٣ ملیار دینار بوو، بەڵام ساڵی ٢٠٢٠ بە هۆی زۆری جموجوڵی بازرگانی داهاتی گەیشتە ٤ ملیار دینار. لە ساڵی ٢٠٢٢ دا زیاتر لە ٢٨ هەزار ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر لە دەروازەی سنوری کێلێوە بەرهەمی جۆراوجۆریان لەدەرەوە هاوردە کردووە، لەوەش حەوت هەزار بار بەروبومی کشتوکاڵی بووە، ١٠ هەزار و ٨٠٠ بار کەلوپەلی بیناسازی بووە، دوو هەزار و ٣٠٠ بار خۆراک بووە، حەوت هەزار کەلوپەلی جۆراو جۆری ئێرانی بووە، بەشێکی کەمیش کەلوپەلی ڤێتەرنەری و ئاژەڵ بووە (بەڕێوەبەرایەتی گومرکی ئیدارەی سەربەخۆی ڕاپەڕین، ڕاپۆرتی ٢٠٢٢.)

بە پێی وتەی سەرپەرشتیاری بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵگای دەروازەی نێودەوڵەتی مەرزی نێودەوڵەتی باشماخ، لەڕێکەوتی ٠١-٠١-٢٠١٨ بۆ ٢٠١٨/٥/٣١ ژمارەی ئەو تەنکەرانەی کە جۆرە جیاوازەکانی سوتەمەنیان پێبووە وەک (بەنزین و نەوت و گاز) هاتونەتە باشماخ، بریتی بووە لە سێ هەزار و ٨٥٩ تەنکەر، لەو ڕێژەیەش دوای وەرگرتنی نموونەی پکشنین لێیان و گونجاویان، ڕێگە بە ٣٧٨٨ تەنکەریان دراوە بچنە خاکی، بە پێی ئامارێکی مەرزی نێودەوڵەتی باشماخیش، کۆی گشتی داهاتی مەرزەکە لە ساڵی ٢٠١٧-دا بریتی بووە لە ٢٣٧ ملیار و ٦٦٨ ملیۆن و ٨٢ هەزار و ٦٠٠ دیناری عێراقی. بەو پێیەش داهاتی پێنج مانگی سەرەتای ٢٠١٨ زۆرە و پێشبینی زیادبوونیشی دەکرێت (کاری تویژەر، پشتبەست بەسەردانی مەیدانی بۆ مەرزی نێودەوڵەتی باشماخ، هۆبەی کوالیتی کۆنترۆڵ، داتای بلاو نەکراوە، بەرواری سەردان ٢٠٢٣/٧/١٣). هەروەها دەروازەی شوشمێ لە ساڵی ( ٢٠٢٠ )دا نزیکەی (١٤٥) ملیار دینار بووە. ئەمە سەرەرای ئەوەی دەروازەکانی سنوری پارێزگای سلێمانی لەگەڵ دەروازەکانی هەرێمی کوردستان بەشداری دەکەن، داهاتی گومرگی ئەم دەروازانە لە ماوەی ساڵانی ( ٢٠١٦-٢٠٢١) نزیکەی ( ٦) تریلیۆن و (٩٣٠) ملیار دینار بووە، واتە بەتێکڕای ساڵانەی ( ١ ) تریلیۆن (١٥٥) ملیار دینارە، خشتەی(٢)

خشتەی (٢) داهاتی خاڵە گومرگیەکان و گەشەی ساڵانەیان نێوان ساڵانی (2021-٢٠١٦)

| ساڵ | داهاتی خاڵە گومرگییەکان | گەشەی ساڵانەی داهاتی خاڵە گومرگییەکان | ڕێژەی گەشە |
|---|---|---|---|
| ٢٠١٦ | ٥٦٣ ملیار | - | - |
| ٢٠١٧ | ٧٤٦ ملیار | ١٨٣ ملیار | ٪٢٥ |
| ٢٠١٨ | ٩٥٦ ملیار | ٢١٠ ملیار | ٪٢٢ |
| ٢٠١٩ | ١ تریلیۆن و ٥٦٦ ملیار | ٦١٠ ملیار | ٪٣٩ |
| ٢٠٢٠ | ١ تریلیۆن ٤٠٨ ملیار | -١٥٨ ملیار | -١١٪ |
| ٢٠٢١ | ١ تریلیۆن ٦٩١ ملیار | ٢٨٣ ملیار | ٪١٧ |
| کۆ | ٦تریلۆن ٩٣٠ ملیار | | |
| تێکڕای ساڵانە | ١ تریلیۆن ١٥٥ ملیار | | |

سەرچاوە: زمناکۆ عثمان صالح، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٤.

لەخشتەی سەرەوەدا بۆمان دەردەکەوێت، کە کەمترین ڕێژەی داهاتی تۆمارکراو ساڵی ٢٠١٦ بووە، لە کاتێکدا ساڵی ٢٠٢١ زۆرترین ڕێژەی داهاتی گومرگی دیاریکراوە. بەم پێیەش دەبینین دەروازە سنورییەکان کاریگەری باشیان لە دابینکردنی تێکڕای داهاتی ساڵانە هەیە و دروستبوونی جموجۆڵە ئابوری و بازرگانی و گەشتوگوزاری... هتد.

## ئەنجام

پارێزگای سلێمانی بەهۆی هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافی و هاوسنوربوونی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران بۆتە هۆی دەرکەوتنی چەندین دەروازەی سنوری لەنێوان هەردولادا.

١- دەروازە سنورییەکانی پارێزگای سلێمانی لەڕووی یاسای و سیاسییەوە دابەشبووە بە سەر دوو جۆری جیاوازدا، جۆری یەکەم دەروازە سنورییە نێودەوڵەتییە فەرمییەکان، وەک هەردوو دەروازەی سنوری باشماخ و پەروێزخان، جۆری دووەم دەروازە سنورییە نافەرمییەکان وەک دەروازەکانی کێلێ، شوشمێ، پشتە و سەیرانبەن.

٢- کۆماری ئیسلامی ئێران هەمیشە گرنگی بە دروستبوونی پەیوەندیەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان داوە، بەتایبەتی پەیوەندی ئابوری و بازرگانی و ئەمنی و سیاسی دەروازەکانی ئەم سنورە پایەی دروستبوونی پەیوەندییە ئابوری و بازرگانییەکانە کە ساڵ بە ساڵ گەشەی کردووە، ئەمەش هۆکار بووە بۆ کردنەوەی دەروازەی زیاتر.

٣- سەرەڕای کاریگەری دەروازە سنوورییەکان لە دروستبوونی پەیوەندی نێوان ئێران و هەرێمی کوردستان، هۆکارێک بووە بۆ دابینکردنی داهاتی هەرێم و پڕکردنەوەی بودجەی ساڵانە، کەواتە دەروازە سنوورییەکان فاکتەرێکن بۆ دابینکردنی ئاسایشی نەتەوەیی.

## ڕاسپارەکان

١- هەوڵدان بۆ بە ڕەسمی ناساندنی دەروازە سنوورییەکانی (کێلێ، شوشمێ، پشتە و سەیران بەن)، دابینکردنی پێداویستییە ئیداری و خزمەتگوزارییەکان بۆیان.

٢- ئەرشیفکردنی داتا و زانیارییەکانی تایبەت بە شمەک و کاڵای دەروازە سنوورییەکان و شەفافیەت لە خستنەڕوویان.

٣- دابینکردن یان (صرفکردن)ی بەشێک لە داهاتی ئەو دەروازە سنوورییانە بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ ناوچەکە.

٤- هەوڵدان بۆ کردنەوەی دەروازەی سنووری دیکە لە ناوچەی لێکۆڵینەوە، بۆ نموونە دەروازەی سازان لە هەڵەبجەی شەهید، چونکە ئەم ناوچەیە ڕاستەوخۆ دەبەستێتەوە بە پارێزگای کرماشان، هەروەها ناوچەکە گونجاوە بۆ دروستکردنی بازارچە تیایدا.

٥- چاککردنی ڕێگاوبانی ناوچەکە بە تایبەت ئەو دەروازانەی کە نافەرمین گرنگییەکی ئەوتۆیان پێنەدراوە.

٦- ڕێگریکردن لە قاچاخچێتی و توندوٚلکردنی سنورەکان تا داهاتی زیاتر بۆ دەروازە سنوورییەکان و لەوێشەوە بۆ خەزێنەی حکومەت بگەڕێتەوە.

## سەرچاوەکان

نامەی ماستەر:

١. زمناکۆ عثمان صالح، پەیوەندییە هەرێمی و نێودەوڵەتیەکانی هەرێمی کوردستان، لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیاین سیاسی، نامەی ماستەر( بڵاونەکراوە)، کۆلێجی زانستە مرۆڤاتییەکان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٢٣.

٢. ئمام علی عشری و سمیە نور محمدی و ڕەزا ڕۆسمی و علی رزا، بەراوردی کاریگەریەکانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و ئاسایشی بازاڕە بچوکە سنوریەکان و ڕۆڵی لە پەرەپێدانی ناوچە سنوریەکان( نمونەی هەڵبژاردە بازاڕە بچوکەکانی سنوری جوانرۆ (شێخ ساڵح)، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی اهلی سنە، ٩و١٠ خورداد، ١٣٩١خ،ل ١.٩) هریسون، ج، وجان ، ک ١٣٨٢، مدیریت استراتیجیژیک. ترجمه بهروز قاسمی، تهران، انتشارات هیات، ژ٣١٤

گۆڤارە کوردیەکان:

١. بـــارزان نـــامیق جەوهەر،ســـتراتیژێتی سیاســـەتی دەرەوەی ئێـــران بەرامـــبەر بە هەرێمـــی کوردســـتان لەدوای داگیرکـــاری عێـــراق لە ٢٠٠٣، گۆڤـــاری قەڵای زانســـت، بەرگی٢، ژمارە١، ڕەشەمێی ٢٠١٧،

لینکە ئەلیکترۆنیەکان:

٢. کۆنفرانســـی پەرەپێـــدانی پەیوەنـــدییەکانی نێـــوان هەرێمـــی کوردســـتان و ئێـــران، پـــانێلی کـــۆنفرانس، بلاوکـــراوە لە ســـایتی، ژوری بازرگـــانی و پیشەســـازی هەولێـــر http://erbilchamber.org// l بەرواری ٢٠١٨/٥/١٠

٣. نـــازم دەبـــاغ، پەیوەنـــدییەکانی بازرگـــانی لەنێـــوان ئێـــران و هەرێمـــی کوردســـتان. Krg,iran.com/index-php/haremiran/item

٤. ژووری بازرگانی و  پیشەسازی و کانزاکان و کشتوکاڵیی کرماشان، ٢٠٢٢.

٥. 2023.13-3 www.rudaw.com .

٦. دەروازەی سنوری باشماخ، بەشی ئەلیکترۆنی، ٢٠٢٢.

٧. حکـــومەتی هەرێمـــی کوردســـتان، وەزارەتـــی پلانـــدانان، دەســـتەی ئامـــاری هەرێـــم، ڕاپـــۆرتی ئـــاڵوگۆڕی بازرگـــانی هـــاوردە بـــۆ عێـــراق و هەرێمـــی کوردســـتان، بەشـــی ئامار و بازرگانی، ٢٠١٨

٨. حکـــومەتی هەرێمـــی کوردســـتان، دەســـتەی وەبەرهێنـــان، فەرمـــانگەی لێکـــۆڵینەوە و زانیاری، ٢٠٢٢ ئاماری بڵاونەکراوە. ٢٠٢١

٩. بەڕێـــوەبەرایەتی گـــومرکی ئیـــدارەی ســـەربەخۆی ڕاپەڕیـــن، ڕاپـــۆرتی بڵاونەکـــراوە، ٢٠٢٢.

١٠. مەودا میـــدیا، بەفەرمـــی دەروازەی ســـەیران بەن لەلایەن حکـــومەتی عێـــراقەوە ناسێندرا، ٢٠٢٠/١٢/٣٠، https://www.mewdamedia.com

١١. ڕادیـــۆی نەوا، بـــۆ بەنێـــودەوڵەتیکردنی دەروازە ســـنورییەکانی پارێزگـــای ســـلێمانی و هەڵەبـــــــــــــجە چـــــــــــــاوەڕوانی ئێـــــــــــــران دەکرێـــــــــــــت، https://www.radionawa.com/ku/all-detail.aspx?jimare=١٢١٣٢ ، ٢٠١٨/١٢/٠٥

چاوپێکەوتن:
١. كـاری تـوێژەر، پشتبەسـت بەسـەردانی مەیـدانی بـۆ مـارزی نێـودەوڵەتی باشـماخ، هۆبەی کوالێتی کۆنترۆڵ، داتای بلاونەکراوە، بەرواری سەردان ٢٠٢٣/٧/١٣.

المصادر العربية
الكتب:
٢. محمـد خمـيس الزوكـة، الجغرافيـا الاقتصـادية، دارالمعرفـة الجامعيـة، الاسـكندرية، ٢٠٠٠،
٣. [1]حمـد حبيـب رسـول، النقـل والتجـاره الدوليـة، دراسـة فـي الجغرافيـة الاقتصـادية، بدون اسم الطباعة، بغداد، ١٩٨٠،

الأطاريح الجامعية:
١. سـاره محمـد عبـاس الحيـالي، منفـذ زرباطيـة و دوره فـي تنميـة الحركـة النقـل والتجـارة، رسـالة ماجسـتير (غيـر منشـورة )، جامعـة بغـداد، كليـة العلـوم التربيـة الإنسانية، ٢٠٢٠،
٢. زنـاد شـلال لكـطه خـزام، الموقـع الجغرافـي للموقـع العراقـي وأثـره علـى العلاقـات التجاريـة مـع الاردن والسـعودية بمظـور الجغرافيـة االسياسـية، رسـالة ماجسـتير ( غير منشورة )، كلية التربية العلوم الإنسانية جامعة تكريت، ٢٠١٦،
٣. شـازاد جـلال جمـال فـتح الـله، تحليـل الاسـتعمالات الأرض الـزمن المخطـط النمـو العمرانـي لتحديـد الاتجاهـات النمـو العمرانـي لمدينـة السـليمانية ، رسـالة ماجسـتير ( غير منشورة )، جامة بغداد، ٢٠٠٠
أطروحة الدكتوراه:
١. صـباح عثمـان عبـدالله البيـاتي، كفـاءة الحركـة لنقـل المسـافرين بالسـيارات عبـر منفـذ إبـراهيم خليـل وطريبيـل. أطروحـة الـدكتوراه(غير منشـورة)، كليـة التربيـة العلـوم الإنسانية، جامعة تكريت، ٢٠١٦،

المجلات و المنشورات العربية :
٢. عبـد علـي حسـن الخفـاف و صـبيح علـي عبدالحسـين، مدينـة السـليمانية ، دراسـة فـي الموضوع والحضر، مجلة زانكو، العدد ١، دار الكتب للطباعة والنشر ١٩٧٨،
٣. حسـێن قاسـم محمـد الياسـري، تنميـة المنـاطق الحدوديـة فـي محافظـة البصـرة، بحـث منشـور فـي مركـز دراسـات البصـرة والخلـيج العربـي، جامعـة البصـرة، العـدد ٢٢، ٢٠١٦،

٤. مجلة الوقائع العراقية، قانون هيآة المنافذ الحدودية رقم ٣٠ سنة ٢٠١٦، العدد ٤٤١٩، ٢٠١٦،

سەرچاوەی تورکی:

1. Osman Ali, İran ve Barzani; Kötüleşen İlişkiler ve Kaçınılmaz Çatışma Riski, ORSAM Bölgesel Gelişmeler Değerlendirmesi, No;58, Ocak 2017.

الملخص :

يناقش هذا البحث التوزيع الجغرافي للمنافذ الحدودية في محافظة السليمانية، وتأثيرها على الإيرادات، مما لاشك فيه ان المنافذ الحدودية نقاط حدودية بين دولتين او ومنطقتين، ولجغرافية المنافذ تأثير كبير على التغييرات السياسية و الجيوسياسية في اي منطقة او بقعة جغرافية معينة لما لها من مقومات. و لقد أصبحت هذه المنافذ حلقة وصل بين الجانبين في العلاقات الاقتصادية والتجارية والسياحية. و تاثيرها على الدخل القومي. و يهدف البحث إلى تحديد أهمية المعابر الحدودية من حيث الأنشطة الاقتصادية وتوليد الإيرادات لمحافظة السليمانية وإقليم كردستان، بالاعتماد على منهج (التحليل والوصف والمقارنة).